# ڕوونکردنەویەك لە کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی کەلار ڕزگاریەوە
# سەبارەت بە ڕێپێوانەکەی ڕۆژی 9/7ی شاری کەلار

**جەماوەری کۆڵنەدەری گەرمیان**

دوای ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کارەبای گەرمیان بە تەواوی خراپ بوو, ئێمە لەکۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی کەلارـ ڕزگاری هەستمان بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەم مەسەلەیەکرد, چووینە سەنگەری بەرگریکردن لە ماف وداخوازییەکانی خەڵکەوە بریارماندا رێپێوانێکی هێمنانە ئەنجام بدەین, بۆخستنەڕووی کێشەی سووتەمەنیو ئاوو کارەبا کەخەڵك بەدەست ئەم کێشانەوە دەناڵێنێ, ئەوەبوو سەرلەبەیانی رۆژی 9/7 ئەو رێپێوانەمان ئەنجامدا بەشێوەیەکی هێمنانە بەڵام لەلایەن پۆلیس وئاسایشەوە بەلێدان پێشوازی لە نوێنەری رپێوانەکە کرا, ئەمەش بووەهۆی ئەوەی کۆنترۆڵی رێپێوانەکە لەژێردەستی ئێمە دەربچێت ورێپێوانەکە ئاراستەیەکی لێبکەوێتەوە کەپێچەوانەی خواستە مەدەنیەکانی ئێمەیە, لەوکاتەدا کە هێزەکانی ناوخۆ تەقەی لەخۆپیشاندەرانکرد, کۆمەڵێك خەڵکی ئاژاوەچیو تێکدەر ئەمەیان بەهەلزانی هێرش بکەنەسەر بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان ومەڵبەندی تەندروستی شێروانەو یەکێتی ژنان سەندیکای کرێکاران وکۆمەڵێك کەرەستەو کەلوپەلیان شکاندو کۆمەڵێکشیان بەتالان برد, ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر دواکردنی خواستەکانی خەڵك بەخەباتی مەدەنیانەو هەرگیز دەست لەدوا ڕەوکانی خەڵك هەڵناگرین لەهەمان کاتدا ئیدانەی ڕوبەرووبوونەوەی نامەدەنیانەی هێزەکانی ناوخۆدەکەین ولەهەمان کاتدا ئیدانەی ئەو گێرەشێون وتێکدەرانەی کەبەتاڵانکردنی فەرمانگە حکومیەکان وویستیان ئەم شێوازە مەدەنیانەی ئێمە ناشیرین بکەن. جارێکی تر جەخت لەسەردواواکردنی مافەکانی خەڵك دەکەینەوەو دواواکارین لەو لیژنەیەی کەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆلێکۆلینەوە لەداواکانی جەماوەر پێکهێناوە هەرچی زووە لەریگەی ووتووێژەوە کێشەکان چارەسەربکرێن وداخوازی گەرمیانیەکانیش بەپەلە جێبەجێ بکرێن.

بژی ئیرادەی نەپساوەی جەماوەری گەرمیان لەپێناوی بەدیهێنانی خواستەکەنیاندا.

رێبین تەها وتەبێژی رەسمی

کۆمەڵەی بە مەدەنیکردنی

کەلار رزگاری

2005/9/8